# چیرۆکی شیعری سوور تا دەریا...

## (مەنیفێستی خەونی ئازاد لە نازەمانییەتی"هەتا کازیوە بون بەستم") لێکدانەوەی چەمکی نازەمانییەت و شێتیی

عادڵ قادری

پوختـــە: لەم وتارەدا هـــەوڵ دەدرێت، کە چەمکەکانـــی "زەمان" و "نازەمان" لـــە ئەزموونـــی شـــیعریی شـــێتدا بـــە نموونەی شـــیعری دیاریکـــراو بکەوێتە بەر باسی پاژبینانە و لە چوارچێوەی پێکهاتـــی وشـــە و دەورێـــک، کـــە بۆ (کردە) یان فیعل، وەک نیشـــانەیەکی زەمانی ناو زمان و ڕســـتە دیاریکراوە، زەقتر لێکبدرێتەوە؛ کۆی ئامانجەکەش گەیشـــتن بـــە پێناســـەیەکی ڕێژەیییە بـــە زمانـــی شـــیعری شـــێت و دەوری وشـــە، پێکهاتی ڕســـتە و دارشتن لەم ئەزموونە.

**وشە سەرەکییەکان: زەمان، نازەمان، شێتیی، کردە (فیعل) و زمان.**

غەریبی من و نامۆیی تۆ، دەستە خوشک بوون.
(شین ترین بەتاڵ،١٣٨٠، ل ١٣)

شـێت لە کولتووری باوی کۆمەڵگەی ئێمە و تەنانەت لە وێژەمان و دیسکۆرس (discourse)ە سـونەتی و کلاسیکییەکانیشماندا، مانا و مەدلوولێکـی دیاریکـراو و بێگومان ئیدیۆلۆژیکیشـی هەیە، کە لە زۆر شـوێندا دێتە سـەر دەلالەتێکی جنێوئامێز و گاڵتەجاڕانە، بەڵام کاتێـک تۆزێک سـەرنجی هەر هەمـان دەلالەتی سـونەتیش بدەین، شـتێکمان بـۆ دەردەکەوێت، کە کەمتر بیـری لێکراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە کاتێک بە کەسـێک دەڵێن: شـێت! مەبەسـت و ئاماژە ئەوەیە، کە ئەم کەسـە هەڵسوکەوت و ئاکارەکانی جیاوازن لە کۆی ئەو پێکهاتە باوەی، کە کولتوور و شـەقامی گشـتیی بۆی پێناسـە کردووە و لای پەسـندیەتی. لەم دەربیجەوە چاو لەو وشـەیە بکەین، ئەوکات دەبێت بە چەمک. واتە شـێت ئەو بوونەوەرەیە، کە جیاوازە لە ئەوانی تر. ئەم وشەیە لە کولتووری فارسدا، کەمتر هەڵگری واتای نەرێنییە لە ناو جەماوەر و شەقامی گشتیدا چوون فەزایەکی بزۆز و گۆڕانهەڵگرتریان لە چاوەی ئێمەدا هەیە. هەرچەند لە ناو کولتووری گشـتیی و ئاخافتنی کۆمەڵی ئێمەشـدا دەلالەتەکانـی گۆڕانکارییان بەسـەر هاتـووە، یان لانیکەم لـە تاق دەلالەتی و جـووت دەلالەتی تەکێنراون و دەلالەتی فرەڕەهەند، خەریکن وەردەگرن. شێت نامۆیە. ئەو بوونەوەرەیە، کە بە فۆڕمی تر، چاو لە شتەکان دەکات. گرینگتر لەوەش بە فۆڕمیتر باسی شتەکان دەکات و دێتە "زمان" و ئاخافتن. ئێمە شێتێکی باش (چواردەعەیار) نابینینەوە، کە زمانێکی ئاسایی و باش (بەواتای ئاخافتنی ئاسـایی زمانی)ی هەبێت، گەر شـێتێک وابوو، ئەوا ناکرێ پێی بڵێین شێت، ڕەنگە شتی تر بێت و ئاوەڵناوی تر هەڵبگرێت، بەڵام بە گشـتی بێخەوشترین شێتەکان نامۆترینیانن، ئەم نامۆ بوونەش بە ڕاسـتەوخۆ لە سـەر زمان، ئاخافتن، فۆڕمی قسە و پێکهاتی گێڕانەوەیان، ڕەنگ دەداتەوە. پاڵەوانی نامۆی کامۆ، واتە مۆرسۆ بێنینە بیری خۆمان، یەکەم گۆڕانکاریی، کە لە مۆرسۆ

وەک پاڵەوان (یان دژەپاڵەوان)ی ڕۆمانی نامۆدا بۆمان دەردەکەوێت کەمدوویی و زمانکورتی مۆرسۆیە، هەموو شتەکان لە دنیای زمانی ئەودا لە ئاوەها ڕستەگەلێکدا چارەنووسیان یەکلایی دەکرێتەوە: با وابێ... باشە کێشەم نییە... هەرچی تۆ پێت باشە... واشبێت گرینگ نییە... واشنەبێت گرینگ نییە... ئەم ڕستە واگوزاری و سپاردنیانە (کە دەربڕینێکی چەند وشەیی بۆ ئەوەی شتەکان ڕاسپێرێت و لەکۆڵ خۆی بکاتەوە) یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆرسۆی نامۆییە، کە لە زماندا وەدیار دەکەوێت، ڕستەگەلی کورت و ڕاسپێریانە و ... تاد، کە هەڵبەت لێرەدا باسی تایبەتمەندییەکانی کارەکتەری شێتە نەک بەراوردی دوو جیهان و ژانری جودای، وەک شیعر و ڕۆمان. نامۆبوون دەتوانێت و ئیمکانی ئەوەی هەیە، یەکێک بێت لە تایبەتمەندییەکانی شێت، بەڵام بە مەرجێک بە دنیایەکی بزۆز و کراوەدا سەفەربکات و بژی. مۆرسۆی نامۆ لە دنیای داخراوی چێژە سادەکانی ڕۆژانەدا دەژیا، وەک ئاو، هەتاو، گوێی زەریا و... تاد، ئەمانەت لێبسەندایەوە توانای وێناکردن و خەیاڵکردنیشی دەدۆڕاند. بۆیە لە نیهێلیزمێکی ڕووکەشیانە (وەک پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکە)دا گیرسایەوە و لە بەندیخانە، دواجار فەزای ئیعدام و هەرێمی مەرگ، لەنگەری گرت.

نامۆبوونی بزۆز، نائیدیۆلۆژیک و شاعیرانە سەرەتای ئەو شێتییەیە، کە لە لای شاعیر، عاشق و شێت دەگاتە تەشق و ترۆپک. شیعری شێت لە بەستێنێکی ئۆنتۆلۆژی وەهادا خۆی مانیفێست دەکات، کە هەڵگری هەرسێ توخمەکەیە، کە لەم دێڕانەی خوارەوەدا دوو توخمی شاعیریەتیی و عاشقیەتیی بە زەقی دیارە و ئەم دوو توخمەش فەزا و بەستێن بۆ ئەزموونی شێت دەرەخسێنن:

**هەندەسەی شیعر تێکدەشکێنم**
**بنەمای روانین**
**ژمارەی سەروا**
**هەندەسەی مەرگ بنیات دەنێم**
**وێنەی هەناسەت**
**ژمارەی بزەت**

- چ زانستێکی سێحراوییە ئەوین- شین ترین بەتاڵ

"تێکشکاندن" تایبەتمەندی کەسی نامۆی ئاساییە، (وەک مۆرسۆی کامۆ- هەڵبەت ئاسایی لە هەمبەر و بە بەروارد بەو نامۆبوونەی، کە لە شیعری شێتدا هەیە) کاتێک هەندەسەی شیعر تێکدەشکێنرێت، ئەم نامۆیە ئاساییە، بەڵام ساتێک لە درێژەدا "بنەمای ڕوانین، ژمارەی سەروا"ش هەر دەخاتە خانەی شکاندن و هەندەسەی مەرگ بنیات دەنێت، ئەوجار بۆمان دەردەکەوێت، کە نامۆیەکمان لەبەردەمە، کە بزۆزە و دەیەوێت تایبەتمەندییەکی زمانیی بۆ خۆی ببینێتەوە و لە درێژەشدا بە عەقڵێکی بیرکاریانە و ماتماتیکییەوە، ئەو زمانەی خۆی مانیفێست دەکات: وێنەی هەناسەت (وێنە هاوکات کە ئێستاتیکای جیهانی نیگارکێشانە، هێڵبەندییەکی بیرکارییانەشە، کاتێک هەناسەی یار یان دایک یان... تاد، لە هێڵبەندیکردنی ئاسایی و ژمارەدانان بۆ پاڵ، گۆشەکان و فامێکی زانستی ورد یاخی دەبێت، دەبێت بە وێنە. واتە ماتماتیک، وەک زانستێکی ورد، پاژبین و ئیدیۆلۆژیک کورت دێنێت، مێژووی ماتماتیک شەڕێکی بێکۆتا بووە، لەگەڵ وێنە و خەیاڵ) ژمارەی بزەت (بزە تا کوێ دەژمێردرێت؟ مەبەست بزەگەلی جۆراوجۆرە لە کات و ساتی جۆراوجۆر؟ یان بزەیەکە، کە تاقانەیە و شێت دەیەوێت بیژمێرێت؟) شێت یان عاشق یان شاعیر؟:

چ زانستێکی سیحراوییە ئەوین. شین ترین بەتاڵ.

زانست، سیحراوی و ئەوین... تاد، سێ توخم و چەمکن، کە دەشێت بە تەواوەتی لەگەڵ یەک دژبن و هاوکاتیش یەکبگرن. ئەم شکاندنە زمانییە، لە دەفتەری "شین ترین بەتاڵ"دا سەرەتاکانیەتی و لە دەفتەری "منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان"دا دەگاتە خاڵی گۆڕین

و گەشـــەی خۆی. من لێرەدا تەنیا ویســتم ســەرەتایەکی ســادە بۆ فامکردنی شـێت و سووبژەی شـێت (هەڵبەت ئەم زاراوەیە ڕۆنراوی خۆمە و شـیعریانە دەنوێنێ، کە من دواتر و لە داهاتوودا بە درێژی پێوەسـت بـە ئەزموونی شـیعری شـێتەوە، پێناسـەی دەکەم) لە سۆنگەیەکی بەراوردکارانە و بە پێوەندی لەگەڵ چەمکی نامۆ (نامۆی ئاسایی) بخەمە ڕوو و ئەو جیاوازیی، سەرکێشیی و نامۆبوونە بزۆزییە زمانییە بگێڕمەوە، کە دەشـێت لە شیعری شێتدا هەبێت و مەزەندە کرا بێت، شیعری شێت نامۆیەکی بزۆز و "ئاو"اوییە*، شیعری شێت بۆ سـووبژەی شـێت ئەو شـتەیە، کە تەنیا یەکجار پێی تێدەنێت. شـیعرێکە، کە بەردەوام دەخشـێت، بەردەوام پیت و پیتە پاتەکانی بە هەست، دەلالەت و شکڵی تر، دێنەوە. شیعرێک، کە یەکەکانی لە چەند پاتەیییەکی (Frequency) بزۆزدا دەردەکەون، کاتێک پیت و وشە لە ئەپیزۆدێک بەکار دەبرێن و پاشان لە ئەپیزۆدی تر و هەر لە یەک پێکهاتی شیعریدا دیسان بەکار دەچن، بەڵام بە شکل، دەلالەت و واتـای تـر، کە من لە درێـژەدا و بە لێکدانەوی شـیعرێک نموونە دێنمەوە.

بەهەرحاڵ، ئەم زمانە شـێت و نامۆ بزۆزەی شـیعری شـێت، کاتێک دەگاتە ئاسـتی شـیاوی خۆی، کە هاوکات هەڵسوکەوتیشـی لەگەڵ زەمـان (time) دەگۆڕێـت، یەکـەم تایبەتمەنـدی شـیعری شـێت شـکاندنی فیعل یان کردە، یان هەر لابردنی فیعلە بۆ دروسـتکردنی فەزاگەلـی** نازەمـان، کە ئەم حاڵەتە لە دەفتەری منم شـاعیری ژنانی چاوەڕوان و شـیعرەکانی دواتری شـاعیردا، کە هێشـتا چاپ نەکراون، زەقترە. بۆیە دەشـێت بڵێم، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شـیعری شـێت نازەمانییەتە، هەڵبەت و بێگومان لە ڕەوتی شیعری بەرەی نوێترخوازدا، ئەم حاڵەتە سروشـتییە و بووە بە بەشـێک لە فەزای شـیعریی، بەڵام تایبەتمەندی ئەم حاڵەتە لە شـیعری شێتدا لـە چەند ڕەهەنـدەوە بۆمان دەردەکەوێت. نازەمانییەت لە شـیعری شێتدا بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکهاتەی لە کۆی ئەپیزۆدەکاندا دەخرێتـە ڕوو، نـەک تاقبەتاقـی ئەپیـزۆدەکان. واتـە کاتێک کۆی

پێکهاتی شیعرێکی شێت دەخوێنیتەوە، تۆ دەبێ لە هەوڵێکی بزۆزدا بیت، تاکو ڕەهەند و لەنگەرێکی واتایی ڕێژەیی بدۆزیتەوە، چوون بەشێکی زۆری ئەم هەوڵدانە، بەهۆی ئەو فەزای زەمانی جیا و جوداوازەیە لە هەر ئەپیزۆددا. لە شیعری "هەتا کازیوە بون بەستم" لە ئەپیزۆدی یەکەمدا ئاوەڵکرداری زەمانی سبەینێ دەچێتە کار:

**بێ هەواڵ لە ئەفسانەکان سبەینێ**

ئیدی پاش ئەم ئاوەڵکردارە زەمانییە، ئێمە هیچ ئاماژەیەک بە ئاوەڵکرداری زەمانی نابینین، تا ئەپیزۆدی سێ. واتە تا یەکەم ڕستەی بەشی:

ا‌یکی تر... کە وڵامێکە بۆ کۆڵان ... کە تاوانبارترین —با— بوو:

یەکەم ڕستەی ئەم بەشەش وادەست پێدەکات:

**درەنگ کەوتووە هەتاوم ... بەساڵی کۆچی مانگیم بسپێرن**

**کە کۆچی مانگ ... ناوادەیە**

بابەتی زۆر گرینگ و جێی سەرنج لەم دێڕانەدا؛ ڕەخنە، گلەیی و ناڕەزایەتییە لە زەمان، کە ئەمە لە پلە و نیگای یەکەمدا وادێتە بەرچاو، کە بکەر و وەگێڕ (ڕاوی)ی، ئەم دێڕانە لە چاوەڕوانیدایە بۆ هەڵهاتنی هەتاو، وەک نیشانەیەک بۆ جەمسەرێکی زەمان. واتە بەیانی:

**درەنگ کەوتووە هەتاوم...**

بەڵام بە سەرنجدان بە "درەنگ کەوتووە" و دێڕی پاش ئەو، واتە "بە ساڵی کۆچی مانگیم بسپێرن" بۆمان دەردەکەوێت، کە "کەوتن" لە درەنگ کەوتووە، دەشێت دوو واتای هەبێت، بەڵام واتای پێوەست بەم باسە "داکەوتنە". واتە درەنگ داکەوتووە هەتاوی من، نەک وەدرەنگ کەوتووە و بۆ نەهاتووە... واتە "درەنگ کەوتووە هەتاوم" ئەوەندەی گلەییە، کە بۆچی زوو نەکەوتووە هەتاو (زەمان) م و وازی نەهێناوە، ئەوەندە ئاماژە نییە بۆ خوازشتی نەهاتن و وەدرەنگانکەوتنی هاتنی، پێدەچێت وەگێڕ ژیان و "زەمان"ی لە ژێر تیشکی هەتاو تاقیکردبێتەوە. بۆیە دەڵێ: بەساڵی کۆچی مانگیم بسپێرن... تاد، لە هەتاوییەوە بۆ مانگی، چوون کۆچی مانگ؛

ناوادەیە، لە ناکاوە، نازەمانە.
پرسـیارێک، کە لەبارەی زەمانەوە دەشـێت بکرێت ئەمەیە، کە ئایا ئەزموونی نازەمانییەت لە ناو زەماندا ڕوو دەدات؟ زەمان بە گشـتی چییـە؟ ئایـا زەمان لای یەک کـەس، یەک واتای هەیـە؟ زەمان لە بێداری و خەوندا، وەک یەکە؟ ئایا زەمان سـێ جەمسـەری ڕابردوو، ئێستە و داهاتووی هەیە؟ ئایا وەک جۆیس و پرۆست دەڵێن: زەمان ئـەوە نییـە، کە ئێمە لە ڕاسـتیدا هەر ناتوانیـن ئەزموونی بکەین؟ مـن کـە لە ئێسـتەدا بیر لە ڕابـردوو، یان داهاتـووم دەکەمەوە، لە کام جەمسـەری زەمانیـدا دەژیـم، یـان کام جەمسـەری زەمانیـی خەریکـم ئەزموون دەکـەم؟ پێدەچێت ئەزموونکردنـی "نازەمان" لە نـاو "زەمـان"دا ڕوو بدات، بـەڵام لە فۆڕم و حاڵەتێکـی ئۆنتۆلۆژی تایبەتدا، کە شێت، یان شاعیر، یان عاشق دەشێت بە باشترین شێوە ئەزموونی بکات، بێهۆ نییە، کە هایدگەر دەڵێت: ئەزموونی عارفەکان و زمانی هێماییان دەیان جار لە ئەزموونی تێڕامانی فەیلەسـووفان و زمانیان بۆ فامکردنی نازەمان و ئەبەدییەت نێزیکترە و ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ تێڕامانە بنەمایی و دەستپێشخەرانەکانی ئاگوستینوسی قەدیس لە کتێبی "شـاری خودا"دا و لەمـەڕ زەمان بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت. وەک ڕوونیشە ڕەهەندی هاوبەش لە ئەزموونی عارفانە و شـیعریانەدا هەیـە و عارفانەبوون، ئەوەندە ئاماژەیە بۆ شـێوەی هەست و جۆرە ئۆنتۆلۆژیایەک، ئەوەندە نیشانە نییە بۆ چەند ڕێبازی ناودار و چەندین کەسی دیاریکراو لە ناو مێژوودا.
بەم باسـە گشتی و هەڵپەسێردراوەوە دەتوانم بڵێم: زەمانییەتی ناو ئەم شیعرە ئاماژەیە بۆ نازەمانییەتێک، کە دەیەوێت هەبێت، یان تێیدا هەبێت (becoming). واتە وەگێڕ دەڵێ: درەنگ کەوتووە هەتاوم... دەبوایە زووتر بکەوێت... لای ئەو نەمتوانی نازەمان ئەزموون بکەم... تاد، بۆیە بە ساڵی کۆچی مانگیم بسپێرن، بەڵکو لای ئەو ئەزموونی بکـەم... تـاد. واتە ئەزموونکردنی نازەمان لـە ناو زەماندا، کە لێرە ساڵی کۆچی مانگییە، بەڵام چ نیشانەیەکمان هەیە، کە پێمان دەڵێت: وەگێڕ نازەمانییەتی دەوێت؟ دێڕی پاش ئەمەیە، کە دەڵێت: کۆچی

مانـــگ ناوادەیە. مانگ لێرەدا ئیتر جەمســـەری زەمـــان نییە، بەڵکو مێتافـــۆر (metaphor) و خوازەیەکـــە بۆ ئەبەدییەت، بۆ جوانی، بۆ ئەوین، بۆ خەون؛ خەونی کچانی ئاو. بۆیە لێرە دەتوانین بگەڕێینەوە سەر ناوی شیعرەکە "هەتا کازیوە بون بەستم" کە هەتا دەربڕینێکی زەمانییـــە یەعنی "تا... هەتا... تاکـــو... تاد." هەروەها "کازیوە"ش جەمسەرێکی زەمانی ڕۆژە، کە تەواویش ڕۆژ نییە و دەشێت بەشێک لە شەوی لەخۆیدا هەڵگرتبێت. واتە نە ڕۆژە نە شەو. کاتێک زەمان جەمسەرێکی تەواو دیاریکراوی نەبێت، دەبێت بە نازەمان. لە نیگای یەکەم و لەم شـــیعرەدا ئەم هاوکێشـــەیە پێچەوانە دیارە، وەک ئەوە وایـــە وەگێڕ چاوەڕوانـــی کازیوە بکات، کە هەڵبێت بەڵام وانییە، ئەو لە ترســـی هاتنی کازیوە خۆی لە بون بەســـتدا دەبینێت، چوون لە دێڕگەلێکی تردا، ئاوا باسی زەمان دەکات:

**وە تەمەنم بە کاتی کچێنی ئەوان**

**هەر بەهار دەزێتەوە ... تا سبەی**

کاتی کچێنی و بەهار لەزاییندا بوو، ئەویش تا سبەی (سبەی کە لێرە بۆ وەگێڕ نازەمانییەتێکی ناهاتووە و خەریکە لە "خەون"دا ئەزموونی دەکات، کە لە درێژەدا و لە پێکهاتی خەونبازیانەی شـــیعرەکە باس دەکـــەم) هیچکام جەمســـەری دیاریکراوی زەمانـــی نین و لە درێژە و دێڕەکانی ترە، کە وەگێڕ باسی ترسی خۆی لە جەمسەرە زەمانییەکان دەکات و ئەم حاڵەتەمان بۆ زەقتر دەبێتەوە:

**کە دێوێک لە ئەفسانەم دا**

**بەیانیان ... تەلەفوون بۆ رووحم دەکا**

**نیوەڕۆیان ... نامەیەکی ئێلکترۆنی بۆ چاوم**

**وە شەوانە ... لە خەونم دا پیاسەی رەشی دەژمێری**

**بێ هەواڵم لە ئەفسانەکان بەیانی... تەلەفوونم دا دەخم ... بە رووی باخ دا**

**وە بێ دەرفەت بۆ چیرۆکی تۆ کیژۆڵە**

**کۆڵانەکانم تا کازیوە**

**بون بەستن**

کاتێـک باشـتر لەم باسـانە دەگەین، کـە بزانین کۆی ئەم شـیعرە "خەونێکـە" و خەریکە لە نازەمانـدا ڕوو دەدات و تەنانەت خەونەکە بەڕادەیەک ئەفسـووناوییە، ڕەنگە زمانی شـیعری شـێت لە ئاستیدا شکست بێنێت، تایبەتمەندی خەون ئەوەیە، کە لە نازەمان ڕوو دەدات، چرکەسـاتە، چرکەبوونە، چرکـە هەبوونە، ئێمە هیچ کات خەونێکی خۆمانمان لە بیر نییە، کە لە کوێوە دەقیق دەستی پێکردووە، بەڵکو زۆرتر ئاخری خەونەکەمان لە بیرە، ئەپیزۆدی یەکەمی ئەم شـیعرە سـەرەتای "هەسـت"ی خەونێکە بێ ئەوەی پرسیارێکی لەسەر بێت، لە ڕاستیدا کۆی پێکهاتە ٤ ئەپیزۆدییەکەی ئەم شیعرە، قسەکردن، وڕێنە و ڕاوڕاوێژی خەونبینە لە گەڵ خۆی، شەڕ و ململانێی بەشێک لە خۆی، کە زەمانییەتە و بەشـێکی تر لە خۆی، کە نازەمانییەتە، کە دواجار وڕێنەی خەون و ڕووت ڕووتی "با" لە ئەپیزۆدی کۆتاییدا دەیباتەوە!

ئەپیزۆدی یەکەم، هەسـت و هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ گەڕان بەدوای چیرۆکی نوێی دەریا، لاپەڕەیەکی شەهید کراو، پڕ لە سەمای سووری ماسـی، ئەم هەسـت و هەوڵـە؛ خوێنینە، شـەهیدکراوە، ڕووبارە و چیرۆکـی زەریای لە سـەر دایە. ئەو ناشـوێن، بێشـوێن و بێبنەی، کە هەموو لاپەڕە شـەهیدکراوەکان دەگەڕێنـەوە بۆی زەریا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە تایبەتمەندی مەجازبوون لە ئەپیزۆدی یەکەمدا دیـارە، وەک :لاپەڕەیەک شـەهید کراو، بۆ چیرۆکـی نوێ لە زەریا، لاپەڕەیەک شـەهید کراوە مەجازە بۆ شـیعر، کە ئامێری سەفەرە لە خەوندا، لە ڕاسـتیدا خەون خۆی شیعرە، هیچ مرۆڤێک خەونەکانی، وەک دنیـای واقیـع، ناوزەمان و ناو شـوێن-کات نیـن، ئەوەی هەیە جۆرێکـە لـە نازەمانییـەت و فۆرمێکە لە ئەبەدییـەت، ئەوەی هەیە نازەمانییەت و ناسروشـتی بوونە و جەوهەری خەون ئەوەیە؛ خەون خەونە ئیدی. جوانی لێرەدایە، کە ئەم لاپەڕە شەهیدکراوە. ئەم شیعرە بەدوای چیرۆکی نوێی دەریادا وێڵ و خەونبازە، هونەرە، کە بە زمانی شـێت پێمان دەڵێ: شـیعر چیرۆکە، بەڵام چیرۆک لێرەدا دوو واتای هەیە، یەکەم مانای بەسەرهات و سەربووردە. دووهەم مانای چیرۆک

و حیکایـەت، کە هەردووک دەشـێت دروسـت بـن و ڕووحاوڕووحن، شـیعرێکی شـەهید، کـە دەیەوێت ببێت بە چیرۆکـی دەریا، یان بۆ چیرۆکی دەریا بگەڕێت، شیعرێکی شەهید، هەر هەمان ڕووبار، کە بە شەقامەکان وەردەبێ، دارماڵ و لێوانلێو لە خەون و ترسی پاپۆڕێکی شـکاو، خەونی ئەم بەشـە و لێرە واتای ترس و ختووره دەدات بە منـەوە، لێرەدایە و بەهاتنی منی وەگێـڕ دەردەکەوێت، کە لە نێوان شـیعر و لاپەڕەی شـەهیدکراو، ڕووبار و من، جیاوازییەک نییە، یان باشترە بڵێین یەکانگیرییەک هەیە کە:

**بە شەپۆلەوە ... کە منارەیەک لە جوانی و دڵەکوتە**

ئەپیزۆدی دووهەم بەشـێکی ترە لە "من"ی وەگێڕ، منێکی "وشیار"، کە تەنگ بە سـەفەر و نازەمانییەتی وەگێڕ هەڵدەچنێت و بەردەوام داوای وەڵام و پەسـاپۆرت بۆ سـەفەرەکەی دەکات. ئەم وشـیارییە لە خەوندا، یان وەک دەروونناسـان دەڵێن: ئەم نیوە وشـیارییە لە سەردێڕی ئەپیزۆدی دوودا بە ڕوونی دیارە کاتێک، کە وەگێڕی شێت لە سـەر زمانی باوی خۆی هەڵەیەک دەکات و بەشـە وشـیارەکەی، بۆی ڕاست دەکاتەوە:

**۲ی بێ نیشان...کە پرسیارێکە لە ڕوایژی خوێن÷ ببوورن بە ڕاوێژی خوێن÷**

واتـە، ڕوایژی خوێن لای ئەم بەشـەی"من"ی خـەون، ئیدی هەڵەیە و "من" کردوویە بە ڕاوێژ و خسـتوویەتە سـەر هێڵە باوە زەمانی و واقیعییەکـەی لە خەوندا. واتە، لە خەونیشـدا واقیـع واز ناهێنێت. وەک لە درێژەی ئەم ئەپیزۆدەدا دیارە منی وشیار دەیەوێت سەفەری لاپەڕەی شەهید، وڕێنە و خەونی کۆچەریانە بوون و گەڕاڵیەتی "با" تێکبشکێنێت:

**وڵام دەوە ... کەسایەتی چیرۆکی ... با**
**نە سنوورت ئەویندارانە پێکەنی**
**نە ماڵت لە سەر منارەیەک بەرزتر ... بە بانگ و سەڵای باخەوە**
**بۆ کوڵی ئەو ئەفسانەیەت ... بنێژم**

**که شێعرت جوامێرانه بمرێ زوو**
**وه باڵندەکانت بەردەوام وتوێژی ئەوینیان بجریوێنن**
**به شەڕابی تاڵی کات و**
**به کۆڵانەکانی جیهان دا**
**باڵیان پڕ شەپۆل نا ... کەرتێک له مێژووی ئاو**
**باڵندەکانت... دەکووژم ... ئەی با ... که باڵت وەریوه**
**تا دێڕەکانت گۆڕپچەی ئاسمان بن.**

وەک دیاره بەشێک له "من" داوای وەڵامدانەوه، بەپێی ئەوەش کۆتاهاتن و وازهێنــان دەکات. کەســایەتی چیرۆکــی بــا هەر هەمــان خەونی شــێتانەی وەگێــڕ و منه. هەر هەمان لاپەڕەی شــەهید، هەر هەمان ڕووباری خوێنین و پڕ ســەمای ســووری ماســی، که به شەقامەکان وەردەبێ دەستی، که لێرەدا و لای ئەم منه وشیار و ناشێتەدا:
**به شەڕابی تاڵی کات و**
**به کۆڵانەکانی جیهان دا**
**باڵیان پڕ شەپۆل نا ... کەرتێک له مێژووی ئاو**
شەڕابی تاڵی کات و کەرتێک له مێژووی ئاو (نەک خودی ئاو، بزۆزی و شێتانه بوون) بۆیه باڵیان پڕ شەپۆل نا، ئەپیزۆدی سێهەم واته: ائیکی تر... که وڵامێکه بۆ کۆڵان ... که تاوانبارترین —با— بوو: شــەڕی قورسی دوو ڕەهەنده زەمانی و نازەمانییەکەیه، که بەڕوونی وتووێــژ، بگــره و بــەردەی خەونبین یــان خەونبازی شــێت لەگەڵ "من"ەکانی خۆی دەخاته ڕوو:
**درێژەی ئەو وتوێژه ... گەرای ترسێکه به ئاوەدانی چاوم دا**
**که دێوێک له ئەفسانەم دا**
**بەیانیان ... تەلەفوون بۆ رووحم دەکا**
**نیوەڕۆیان ... نامەیەکی ئێلکترۆنی بۆ چاوم**
**وه شەوانه ... له خەونم دا پیاسەی رەشی دەژمێرێ**
**بــێ هەواڵــم له ئەفســانەکان بەیانی... تەلەفوونــم دا دەخم ... به رووی باخ دا**

**وە بێ دەرفەت بۆ چیرۆکی تۆ کیژۆڵە**
**کۆڵانەکانم تا کازیوە**
**بون بەستن**

هەرچەنـد لـەم ئەپیـزۆدەدا نیشـانە و فۆڕمی تر هـەن، کە دەکرێ خوێندنەوەی جیاوازتر لە شـیعرەکە بدەن بەدەسـتەوە و هەموو ئەم باسە لەرزۆک بکات. کۆتایی ئەم شیعرە، وەک ئەپیزۆدی چوارەم وڕێنەی ای سەرەتا و کۆتایی:

ئـەم ئەپیزۆدەی شـیعرەکە بە ڕوونـی سـەرەداوێکمان لە پێکهاتی شیعرەکە دەداتێ و ای سەرەتا و ای کۆتاییمان بۆ دیاری دەکات، کە دەکاتە ئەپیزۆدی یەک و ئەپیزۆدی سێ. واتە ئەو ئەپیزۆدانەی، کە خەونبین، یان وەگێڕی شێت، دەیەوێت بە لاپەڕەی شەهید و خەونی کچانی ئاو و... تاد، سـەفەری دەریـا و نازەمانییەت بکات. بۆیەش دەڵێت وڕێنە؛ چونکو وڕێنە مەشرووعیەت و ڕەوابەخشینە بە سیحەت و هەبوونی خەونێک، کە هەسـتێکمان دەداتێ! دەروونناسان دەڵێن: تەنیـا شـتێک، کە لە خەونێکـدا لە مرۆڤ دەمێنێتەوە (سـەرەڕای هەندێ وێنە و ڕووداوی ناڕوون، لێڵ و پێڵی ناو خەون) هەسـتێکی قووڵ و کورتە! وڕێنەی ای سەرەتا و کۆتایی داوەتی هەمان هەستی ئەپیزۆدی یەکەم و ئەپیزۆدی سێهەمە بۆ:

**بایەک ڕووت... ڕووت... بە کۆڵان دا**
**بە سەر سینگی ڕووباردا شێتانە**
**........**
**وە ئێوە و من با بشنێینەوە ... تا سنوور**
**تا دوور**
**بێ شازادە و بێ کۆشکێک نا... لە خەون دا**

ئایا ئەم خەونی نازەمانییەتە هەر هەمان خەونی "سـەرەتای بەشـی یەکەمـی شـێتی" لـە شـینترین بەتاڵدا نییـە؟ کە لێـرەدا فۆڕمی ڕاسـتەقینانەی شـێتی خۆی دۆزیوەتەوە و لە قاڵبی تەواوتردا خۆی نواندووە:

**سەرەتای بەشی یەکەمی شێتی**
**یەک... دووو... سێ**
**{درێژەی ژماردنە حەبەسەکانی زەمان}**
**من... تۆ... ئێمە {دووپاتەی شیرینی نەسرەوتن}**
**ترس... پێداویستی... هیرەمی ئارەزوو**
**{زایەڵەی شێتی فەلسەفە لە چوارچێوەی بێ سنوور دا}**
**مەملەکەتێکی وشەیی**
**بەندیخانەیەکی خەون و**
**حکومەتێکی شێتۆکرات. شین ترین بەتاڵ ل٢٠**

ئایا وەگێڕی شێت پاش فامکردنی قووڵتر لە درێژەی ژماردنی حەبەس و کۆت و بەندەکانی زەمان و هەروەهای شێتتربوونی هیرەمی ئارەزوو (desire) بۆ دووپاتەی شیرینی نەسرەوتن، ئەم شیعرە خەونییە و ئەم خەونە شیعرییەی بینیوە؟ واتە پاش حکومەتە شیتۆکراتەکەی هەوڵ و ئارەزووی شێتانەی داوە، کە لە بەندیخانەی خەون و "بون بەستی کازیوە" بمانشنێتەوە:

**تا سنوور**
**تا دوور**
**بێ شازادە و بێ کۆشکێک نا... لە خەون دا**

**پەراوێزەکان:**

* "ئـاو"، وەک چەمکێکی تەمسـيلی ناو فەلسـەفەی هيراکليتۆس، فەيلەسـووفی پێش سـوقراتييە و بە چەمکی هەبوون (become) لـە فەلسـەفەکەيدا گەشـە دراوە و شـيکراوەتەوە، ئاماژەيـە بـۆ ڕێژەگەريەتييـەک، کە لـە ماهييەتی جيهاندا هەيە. لە فەلسـەفەی سـوقراتی جيهـان ئەوەندە بـە دەرەوە، واقيعی بينرا و بەرهەسـت بيردۆزی دەکرا، ئەوەندەی پێش سوقراتييەکان بە هزری دەرهەست و ئينتزاع ئيشيان نەدەکرد. هەربۆيە لە سەتەی نۆزدە و پاش چەندين سـەتە؛ نيچـە، وەک دۆزينەوەی ڕەچەڵەکی "ئـاو" و ڕێژەييخوازيی، نەوەسـتان و بـزۆزی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان و سـوقرات بە ئافەت و نەخۆشـی فەلسـەفە دەزانێت. بـۆ زانياريی زۆرتـر دەتوانن چاو لە کتێبی (تاريخ کاپلستون جلد يک، يونان و رم، بخش فلسفەی پيش سـقراطی) بکەن و هەروەها کتێبی (غروب بتان يا چگونە مى توان با پتک فلسفە نوشت، فريدريش نيچە) بکەن.

** هەڵبەت باسکردنی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری شيعری شێت لەگەڵ زمان، شـتێکی زۆر باسهەڵگرترە و لە هەموو ئەزموونەکانی شيعری نوێخوازتردا دەبينرێت و من تەنيا سەردێڕێکی گشتيم لەمەڕ شيعری شێتەوە باس کردووە تا دواتر.

**سەرچاوە سوود لێوەرگيراوەکان:**


١- ڕەزايی. يوونس، شـين ترين بەتاڵ، تاران: ئينتيشـاراتی عابيد، ١٣٨٠.

٢- کمبـر. ريچـارد، فلسـفەی کامو، ت. خشـايار ديهيمی؛ جێگەی ئاماژە پيدانە کۆی ئەم کتێبە لە لايەن نووسەرەوە کراوە بە کورديی و لە ژێر چاپ دايە.

٣- هايدگر. مارتين، هسـتی و زمان، ت. سـياوش جمادی، تهران: نشر ققنوس، ١٣٨٨.

٤- هايدگر. مارتين، مفهوم زمان و چند اثر ديگر، ت. علی عبداللهی، تهران: نشر مرکز، ١٣٨٣.